حكومة إقليم كوردستان ـ العراق
مجلس الوزراء
وزير الإقليم لشؤون البرلمان
مكتب وزير

حکومەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
نووسینگەی وەزیر

ژمارە: ٦٣٦٤
ڕێکەوت: ١٧ / جۆزەردان / ٢٧٢١

العدد:
التأريخ: ٧ / ٦ / ٢٠٢١

## بۆبەڕێز/سەرۆکایەتی پەرلەمانی کوردستان-عیراق

## ب / پرۆژە یاسا

هاوپێچ لەگەڵ نووسراوماندا بڕیاری ژمارە (١٠٤) ی ئەنجومەنی وەزیران لە ڕێکەوتی ٢٠٢١/٥/٢٦ تایبەت بە پەسەندکردنی پرۆژە یاسای (بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنە تۆ و شەتڵ و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە بەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق) دەنێرین بۆتان بە مەبەستی تشریعکردنی و ئاگادارکردنەوەمان لە ئەنجام.

لەگەڵ ڕێزدا...

هاوپێچ:-
- پرۆژە یاساکە بە هەردوو زمانی (کوردی و عەرەبی).

د. ڤالا فرید ابراهیم
وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
٢٠٢١/٦/٧

وێنەیەك بۆ :-
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سەرۆکایەتی دیوان نوسراوتان ژمارە ٧٤٢٥ لە ٢٠٢٠/١١/١٥....بۆ ئاگاداریتان،لەگەل ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران/سکرتاریەتی ئەنجومەن نوسراوتان ژمارە ٦٣٤٥ لە ٢٠٢١/٦/٦ .... بۆ ئاگاداریتان،لەگەل ڕێزدا.
- خولاو.

هەرێمی کوردستان - عێراق
سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران
سکرتاریەتی ئەنجومەن

إقليم كوردستان - العراق
رئاسة مجلس الوزراء
سكرتارية المجلس

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

No: ٦٣٤٥ :ژمارە
Date: ٢٠٢١/٦/٦ :ڕێکەوت: ١٦ / جۆزەردان / ٢٧٢١ی کوردی

بۆ/ بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان
بابەت/ بڕیاری کۆبوونەوەی ئەنجومەنی وەزیران

هاوپێچ وێنەی بڕیاری کۆبوونەوەی ژمـارە (٥٨)ی ئەنجومـەنی وەزیران لـە ڕۆژی ٢٠٢١/٥/٢٦ بە ژمارە (١٠٤) و هاوپێچەکەی تایبەت بە پڕۆژە یاسای (بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە دوای پەسـەندکردنی لەلایەن ئەنجـومەنی وەزیـرانەوە لە کۆبـوونەوەی ئاماژەپێـدراو لە سـەرەوە دەنێـرین بۆتـان بەمەبەستی ئاراستەکردنی پڕۆژە یاساکە بۆ پەرلەمانی کوردستان لەلایەن بەڕێزتانەوە بەپێی تایبەتمەندی.

لەگەڵ ڕێزدا.

**هاوپێچ:**
بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (١٠٤) لە ٢٠٢١/٥/٢٦ و هاوپێچەکەی پڕۆژە یاسای (بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی.

د. ئامانج ڕەحیم
سکرتێری ئەنجومەنی وەزیران

Council of Ministers, Kurdistan Street, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Phone: +964 (066) 2220210 – 2230247 – 2230248
cm@gov.krd
www.gov.krd
هەرێمی کوردستان – هەولێر – شەقامی کوردستان – ئەنجومەنی وەزیران

هەرێمی کوردستان ـ عێراق

سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران

سکرتاریەتی ئەنجومەن

Kurdistan Regional Government
Council of Ministers

إقليم كوردستان ـ العراق

رئاسة مجلس الوزراء

سكرتارية المجلس


No:

Date:

ژمارە:

ڕێکەوت: / / ٢٧ی کوردی

**وێنەیەك بۆ:**

- سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان/ دیوان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی ئەنجومەنی دادوەری لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی تایبەتی بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- دیوانی چاودێری دارایی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی دەسپاکی لە هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت وەزارەتەکان/ نووسینگەی بەڕێز وەزیر، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەستەی مافی مرۆڤ، لەگەڵ ڕێزدا.
- ئەنجومەنی ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- دەزگای ئاسایشی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- سەرۆکایەتی دیوانی ئەنجومەنی وەزیران، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی هەماهەنگی و بەدواداچوون، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی میدیا و زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی ئابووری، لەگەڵ ڕێزدا.
- نووسینگەی بەڕێز وتەبێژی فەرمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، لەگەڵ ڕێزدا.
- پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئیدارەی گەرمیان و ڕاپەرین، لەگەڵ ڕێزدا.
- نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بەغدا، لەگەڵ ڕێزدا.
- گشت دەستە و فەرمانگە و لایەنەکانی نەبەستراو بە وەزارەت، لەگەڵ ڕێزدا.
- فەرمانگەی تەکنەلۆژیای زانیاری، لەگەڵ ڕێزدا.
- سکرتاریەتی ئەنجومەنی وەزیران/ لەگەڵ بەراییەکان، لەگەڵ ڕێزدا.
- خولاو.


Council of Ministers, Kurdistan Street, Erbil, Kurdistan Region, Iraq
Phone: +964 (066) 2220210 – 2230247 – 2230248

cm@gov.krd
www.gov.krd

هەرێمی کوردستان – هەولێر – شەقامی کوردستان – ئەنجومەنی وەزیران
تەلەفون: ٢٢٣٠٢٤٨ ـ ٢٢٣٠٢٤٧ ـ ٢٢٢٠٢١٠ (٠٦٦)٩٦٤+

# بڕیاری ئەنجومەنی وەزیران

## ژمارە (١٠٤) لە ٢٠٢١/٥/٢٦

پشتبەست بە ئەحکامی ماددەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان ژمارە (٣)ی ساڵی ١٩٩٢ هەموارکراو، و لەسەر پێشنیاری وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو، و لەبەر ڕۆشنایی کۆنووسی کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجومەنی وەزیران ژمارە (٥٨) لە ٢٠٢١/٥/٢٦، بڕیاردرا بە:

١. پەسەندکردنی پڕۆژە یاسای (بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل و تۆمارکردن و پەسەندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان-عێراق).

٢. ڕاسپاردنی بەڕێز وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پەرلەمان بۆ ئاڕاستەکردنی پڕۆژە یاسای ئاماژەپێدراو لە بڕگەی (١)ی سەرەوە بۆ پەرلەمانی کوردستان بە مەبەستی تەشریعکردنی.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

## پرۆژە یاسای بەرهەمهێنان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل و تۆمارکردن و پەسندکردن و پاریزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە هەرێمی کوردستان–عێراق

### بەشی یەکەم

### پێناسە و ئامانجەکان

**ماددەی –١–**

مەبەستی ئەم یاسایە لەم زاراوە و دەستەواژانەی خوارەوە ماناکانی بەرامبەریانە:

یەکەم– هەرێم: هەرێمی کوردستان– عێراق.

دووەم– وەزارەت: وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

سێیەم– وەزیر: وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم.

چوارەم– بەڕێوەبەرایەتیی گشتی: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی توێژینەوەو ڕێنمایی کشتوکاڵی.

پێنجەم– بەڕێوبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵ: بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کشتوکاڵی پاریزگاکان.

شەشەم– بەش: بەشی بەرهەمهێنان و پەسندکردنی بنەتۆ کە پەیوەستە بە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی توێژینەوەو ڕێنمایی کشتوکاڵی.

حەوتەم– بنەتۆ: بەشێکە لە ڕووەك بەکاردێت بۆ زیادبوون وەك (بنەتۆی گەنم، جۆ، نیسك، پیاز، براڵە،پەتاتە......).

هەشتەم– پلە: مەبەست لێی پلەی بنەتۆیە،کە بە پێی خەسڵەتی هونەری و خاوێنی بۆماوەییدیاردەکرێت.

نۆیەم- تۆوی بەخێوکەر: ئەو تۆوەیە کە بە بڕێکی زۆر کەم بەرهەم دەهێندرێت لە ژێر سەرپەرشتی و چاودێری ڕاستەوخۆی بەخێوکەری ڕووەك لە بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەکان یان زانکۆکان.

دەیەم- تۆوی بنەڕەتی یان بنچینە: ئەو تۆیانەیە کە بەرهەم دەهێنرێت لە تۆوی بەخێوکەر، لە رووی بۆماوەیی بەرزترین ئاستی خاوێنی هەیە بەراورد بە تۆوی تۆمارکراو و باوەڕپێکراو. ئەو تۆیانە بەرهەم دەهێندرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەکان یان کۆمپانیای تایبەتمەند لە بواری کشتوکاڵی.

یازدەهەم- تۆوی تۆمارکراو: ئەو تۆیانەیە کە بەرهەم دەهێندرێت لە تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراوی دیکە، ئاستی خاوێنی لە رووی خەسڵەتی بۆماوەیی بەرزە. تۆوی تۆمارکراو بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی توێژینەوەکان یان جووتیاری نمونەیی.

دوازدەهەم- تۆوی باوەڕپێکراو: ئەو تۆیانەیە کە بەرهەم دەهێندرێت لە تۆوی بنەڕەت یان تۆوی تۆمارکراو یان تۆوی باوەڕپێکراوی دیکە، خەسڵەتی بۆماوەیی هاوشێوەی تەرزی چاندراوی تێدا بەدی دەکرێت. تۆوی باوەڕپێکراو بەرهەم دەهێنرێت لەلایەن جووتیاری نمونەیی.

سێزدەهەم- تەرز: بریتیە لە کۆمەڵێك لە ڕووەکی خاوێنی لەیەکچوو لە ڕووی بۆماوەییەوە و بە هەندێك خەسڵەت جیادەکرێتەوە لە تەرزەکانی دیکەی هەمان جۆری ڕووەك.

چواردەهەم- ڕێبەری تەرزە کشتوکاڵیەکان: لیستی ناوی تەرزە کشتوکاڵییە پەسندکراوەکانە کە لە لیژنەی تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان دەردەچێت.

پازدەهەم- ئیستا: ڕێکخراوێکی سەربەخۆی قازانج نەویستە، تایبەتە بە بواری کشتوکاڵ گرنگی دەدات بە بەرەوپێشبردنی بواری بنەتۆ وە ساڵانە یاسا و ڕێنمایی نوێ دەردەکات لەم بوارەدا.

شازدەهەم- کۆمپانیا: کۆمپانیای دامەزراو بەپێی یاسا بەرکارەکان، و پێویستە مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ یان هاوردەکردنی یان هەردووکیانی هەبێت.

حەڤدەهەم- لیژنەی نیشتیمانی: لیژنەیەکی تایبەتە بە تۆمارکردنی هەموو تەرزە کشتوکاڵییە پەسندکراوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستان کە بارەگاکەی لە هەولێرە.

ماددەی -٢-

ئامانجی ئەم یاسایە رێکخستن و هاندانی کەرتی تایبەتە بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆو شەتل، وە هەروەها رێکخستنی هاوردەکردنی بنەتۆیە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

## بەشی دووەم

## بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتل

ماددەی-٣-

بەپێیحوکمەکانی ئەم یاسایە بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتل پێویستە لە رێگای بەدەستهێنانی مۆڵەتی فەرمی بێت.

ماددەی-4-

مەرجەکانی بەدەستهێنانی مۆڵەتی فەرمی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتل بەم شێوەیەی خوارەوەیە:

یەکەم- پێشکەشکردنی داواکاریەك بۆ بەش بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ.

دووەم- داواکاریەکە ئەمانەی خوارەوە لەخۆ دەگرێت:

أ- ناو و ناونیشانی بەرهەمهێن.

ب- شوێنی کێڵگەکە.

جـ- جۆر و تەرز و پلەی بنەتۆ.

سێیەم- پێشکەشکردنی بەڵگەنامەی خاوەندارێتی یان مافی هەڵسوکەوتپێکردن یان بە کرێگرتنی زەوییەکە.

چوارەم- پێویستە بەش هەڵبستێت بە بەرزکردنەوەی داواکاری کۆمپانیا بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بەمەبەستی پێدانی مۆڵەت.

پێنجەم- پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بڕیاربدات بە پەسندکردن یان پەسندنەکردنی داواکاریەکە لە ماوەی (30) سی رۆژ لە رێکەوتی وەرگرتنی داواکاریەکە.

شەشەم- ئەگەر داواکاریەکە پەسند نەکرا دەبێت هۆیەکەی روون بکرێتەوە، داواکار بۆی هەیە تانە بگرێت لە بڕیاری پەسندنەکردن لەلای وەزیر لە ماوەی (30) سی رۆژ و دەبێت وەزیریش لە ماوەی(30) سی رۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە.

حەوتەم- پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، بڕیاری وەزیر لەسەر ئەنجامی تانە یان بڕیاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆی هەیە تانەی لێبگیرێت.

هەشتەم- داواکار دەبێت بڕی (000،50) پەنجا هەزار دینار بدات بەرامبەر مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ و شەتل.

ماددەی-5-

یەکەم- ئەو بنەتۆیەی داواکار بە نیازە بەرهەمی بهێنێت پێویستە تۆمار و پەسەندکراو بێت لە لیژنەی نیشتیمانی.

دووەم- رێگە نادرێت بە بەرهەمهێنانی زیاتر لە یەك تەرزی کشتوکاڵی بۆ یەك جۆری بەرهەم لە یەك کێڵگە.

سێیەم- ئەو کێڵگەیەی بە کاردێت بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆی تەرزێکی دیاریکراو، بە هیچ شێوەیەك نابێت چاندرابێت بە تەرزێکی دیکە لە هەمان جۆر لە ساڵی پێشوو.

ماددەی-6-

پێویستە زەوی تەرخانکراو بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆ ئەم مەرج و خەسڵەتانەی هەبێت:

یەکەم- پێویستە زەویەکە یان کێڵگەکە گونجاو بێت لە رووی، هەڵکەوتەی جوگرافی و کەش و هەوا، جۆری خاك، رووبەری کێڵگە، بە گوێرەی جۆر و تەرزی بنەتۆیەکە.

دووەم- پێویستە زەویەکە سەرچاوەی ئاوی پێویست و بەردەوامی هەبێت بە تایبەت ئەو شوێنانەی کە رێژەی باران بارینیان کەمە.

سێیەم- دووری نێوان کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ بۆ ئەو بەرووبومانەی کە (پیتانی تێکەڵاو)ن (٢٥٠)موبۆئەوبەرووبومانەیکە (پیتانیخودی)ن (١٥٠)م.

ماددەی-7-

لەسەر بەرهەمهێنەری بنەتۆ پێویستە ئەم رێکارانەی خوارەوە پەیڕەو بکات:

یەکەم- خاوێنکردنەوەو دەرمانکردنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو تەنها لەو کارگانە ئەنجام دەدرێت کە مۆڵەتی دامەزراندنیان هەیە.

دووەم- لە قووتونان یان داگرتنی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لە گوشی تایبەت بە پێی رێنماییەکانی بەش.

سێیەم- دەبێت کێشی قووتوەکان و گوشەکان یەکسان بێت و هەموو زانیاریەکانی تایبەت بە بنەتۆیەکەی لەسەر نوسرابێت.

چوارەم- دەبێت بەرهەمهێنەری بنەتۆ کۆگای تایبەت بە پاراستنی بنەتۆی هەبێت بە گوێرەی پێویستی جۆری بنەتۆیەکە.

ماددەی-8-

دەسەڵات و ئەرکەکانی فەرمانگە بریتین لە:

یەکەم- دیارکردنی پلەی بنەتۆی بەرهەمهاتوو لەلایەن بەرهەمهێنەری بنەتۆ و لێدانی لیبلی تایبەت.

دووەم- ئەنجامدانی پشکنینی کێڵگەیی بۆ کێڵگەکانی بەرهەمهێنانی بنەتۆ، و پشکنینی تاقیگەیی بۆ بنەتۆی بەرهەمهاتوو.

سێیەم- ڕەتکردنەوەی بنەتۆیەکە و باوەڕپێنەکردنی ئەگەر هاتوو مەرجەکانی جێبەجێنەکرد.

چوارەم- پشکنەری کێڵگەیی دەبێت ڕەچاوی لەیەکچوونی جۆرو تەرزی چاندراو و بەرهەمهاتوو بکات.

بەشی سێیەم

مۆڵەتی هاوردەکردن

ماددەی-9-

یەکەم- پێویستە لەسەر کۆمپانیاکانی کەرتی تایبەت مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل بەدەست بێنن بە پێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

دووەم- داواکاری پێشکەش بە بەش بکرێت بە مەبەستی هاوردەکردنی بنەتۆ یان شەتل و ئەم پێداویستیانەی خوارەوەشی لەگەڵدابێت:

أ- ناو و ناونیشانی کۆمپانیا.

ب- هەر کۆمپانیایەك داواکاری پێشکەش بکات دەبێت پێشوەختە (نامەی دەستەبەری) پێشکەش بکات لە یەکێك لە بانکەکان بۆ بەرژەوەندی وەزارەت بە بڕی (20،000،000) بیست ملیۆن دینار.

جـ- ئەو کۆمپانیایانەی کەلە هەرێم تۆمارکراون و ویستی هاوردەکردنیان هەیە دەبێت مۆڵەتی هاوردەکردنیان هەبێت لە وەزارەتی بازرگانی و پیشەسازی لە هەرێمی کوردستان-عیراق.

د- ئەو کۆمپانیایانەی کەلە پارێزگاکانی دیکەی عێراقی تۆمارکراون یان لقی کۆمپانیا بیانییەکانن لە هەرێم دەبێت لە هەرێم تۆمارکرابن.

هـ- هێنانی پاکانەی باجی دەرامەتی کۆمپانیاکان.

سێیەم- دوای دڵنیابوون لە مامەڵەی کۆمپانیا دەبێت داواکاریەکە بەرز بکرێتەوە بۆ بەڕێوەبەرایەتیی گشتی.

چوارەم- پێویستە بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بڕیاربدات بە پەسندکردن یان پەسندنەکردنی داواکاریەکە لە ماوەی (30) سی ڕۆژ لە ڕێکەوتی وەرگرتنی داواکاریەکە.

پێنجەم- ئەگەر داواکاریەکە پەسند نەکرا دەبێت هۆیەکەی روون بکرێتەوە، داواکار بۆی هەیە تانە بگرێت لە بڕیاری پەسندنەکردن لەلای وەزیر لە ماوەی (30) سی ڕۆژ و دەبێت وەزیریش لە ماوەی(30) سی ڕۆژ وەڵامی تانەکە بداتەوە.

شەشەم- پاڵپشت بە حوکمەکانی یاسای ئەنجومەنی شورای هەرێمی کوردستان، بڕیاری وەزیر لەسەر ئەنجامی تانە یان بڕیاری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی بۆی هەیە تانەی لێبگیرێت.

حەوتەم- داواکار دەبێت بڕی (50،000) پەنجا هەزار دینار بدات بەرامبەر مۆڵەتی هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتڵ.

ماددەی -10-

بۆ بەدەستخستنی ڕێگەپێدان بۆ هاوردەکردن دەبێت کۆمپانیا:

یەکەم- پێشکەشکردنی گرێبەستی نێوان خۆی و کۆمپانیا یان دەزگای رەسەنی بەرهەمهێنی بنەتۆ و شەتل.

دووەم- پێشکەشکردنی هەموو داتایەکی زانستی و هونەری پەسندکراو لەسەر کۆمپانیا یان دەزگای بەرهەمهێن.

ماددەی -11-

پێویستە بنەتۆ وشەتلی هاوردەکراو ئەم بەڵگەنامانەی لەگەڵدابێت:

یەکەم- بڕوانامەی سەرچاوە.

دووەم- بڕوانامەی سەلامەتیی تەندروستیی بنەتۆ.

سێیەم- بڕوانامەی پشکنینی باوەڕپێکردنی وڵاتی سەرچاوە (بە مەرجێك رێکەوتی پشکنین (3) سێ مانگ تێپەڕنەکات بۆ بنەتۆی بەرووبومی کێڵگەیی، (6) مانگ تێپەڕنەکات بۆ بنەتۆی دارستان و پاوان) لە رێکەوتی هاتنەناوەوەی مەرزی سنوری پەیوەندیدار.

چوارەم- پەیوەست بە بڕوانامەی سەلامەتیی و پشکنین دەبێت بە بە پێی ئاکارەکانی (ئیستا) بێت واتا دەبێت لە تاقیگەکانی (ئیستا) دەرچوبێت یان لە تاقیگەیەکی باوەڕپێکراو لەلایەن (ئیستا) وە دەرچووبێت.

پێنجەم- هەموو بەڵگەنامەکان دەبێت پەسندبکرێن لەلایەن باڵوێزخانەی عێراقی یان نوسینگەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە وڵاتی هاوردەکراو یان وەزارەتی کشتوکاڵی وڵاتی هاوردەکراو.

ماددەی -12-

یەکەم- وەزارەت مافی دیارکردنی خاڵی سنوری هەیە بەمەبەستی هاوردەکردن.

دووەم- گواستنەوەی بنەتۆ لە نێوان هەرێمی کوردستان و پارێزگاکانی دیکەی عێراق دەبێت نوسراوی لاری نەبوونی وەزارەتی کشتوکاڵی ئەو لایەنەی لەگەڵ بێت کە بۆی دەگوازرێتەوە.

سێیەم- بەش بەرپرسە لە پشکنینی بنەتۆ و شەتلی هاوردەکراو لە کاتی گەیشتنی.

چوارەم- هاوردەکردنی بنەتۆی گەنم و جۆ، هەفتەیەك دوای کۆتایی هاتنی بە بازاڕکردنی گەنم لە سایلۆکان دەست پێدەکات تاوەکو کۆتای مانگی دوازدە ڕێگە بە هاوردەکردن دەدرێت.

ماددەی -13-

ڕێگە نادرێت بە هێنانە ژورەوەی هیچ بنەتۆ و شەتلێکی قەدەغەکراو لە عێراق بەپێی حوکمەکانی ئەم یاسایە.

ماددەی -14-

زانکۆکان و سەنتەری توێژینەوە کشتوکاڵییەکان دەتوانن بنەتۆی پەسەندنەکراو هاوردەبکەن تەنها بۆ مەبەستی توێژینەوە بە ئاگاداری بەڕێوەبەرایەتیی گشتی.

بەشی چوارەم

تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان

ماددەی -15-

بەمەبەستی تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییە بەرهەمهاتووەکان لیژنەی تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵییەکان لە وەزارەت پێکدەهێندرێت بە سەرۆکایەتی وەزیری کشتوکاڵ و ئەندامێتی ژمارەیەك شارەزا لە بوارە جیاجیاکان بە مەرجێك لە (10) دە ئەندام زیاتر نەبێت.

## بەشی پێنجەم

## سزادان

مادده‌ی -16-

یەکەم- هەر کەس و کۆمپانیایەك سزادەدرێت بە پێبژاردنی برێك کەمتر نەبێت لە (5،000،000) پێنج ملیۆن دینار و زیاتر نەبێت لە (١٠،٠٠٠،٠٠٠) دەملیۆندینار،یانبەنددەکرێتبۆماوەیەککەمترنەبێتلە (٣) سێمانگوزیاترنەبێتلە (١) یەکساڵیانهەردووسزاکەی بەسەردا دەسەپێندرێت، بنەتۆیەکەش لە ناودەبردرێت ئەگەر هاتوو یەکێك لەم سەرپێچیانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

أ- بەرهەمهینان و هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل بەبێ هەبوونی رێگەپیدان.

ب- ئەگەر بنەتۆی هاوردەکراو لەگەڵ مەرجەکانی هاوردەکردن یەکی نەگرتەوە.

جـ- پێدانی نموونە و زانیاری هەڵە کە هاوتا نەبێت لەگەڵ ئەو بنەتۆیەی کە هاوردەکراوە.

د- ئاستەنگ دروستکردن بۆ پشکنەری بنەتۆ یان دامەزراوە حکومییەکانی تایبەت بە پشکنینی بنەتۆ.

هـ- بەکارهێنانی ووشەی پەسندکراو یان هەر ووشەیەك کە ئەو مانایە بدات بۆ بنەتۆی پەسند نەکراو.

و- بەرهەمهێنان و فرۆشتنی بنەتۆ بێ ئەوەی پشکنینی تاقیگەیی بۆ کرابێت.

دووەم- هەر بنەتۆیەك بە پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بەرهەم هاتبێت یان هاوردەکرابێت، تێچووی چارەسەرکردن یان لە ناوبردنی بنەتۆی هاوردەکراو یان بەرهەمهاتوو دەکەوێتە ئەستۆی بەرهەمهێن یان هاوردەکەری بنەتۆ.

مادەی -17-

بەڕێوەبەری گشتیی توێژینەوە و ڕێنمایی کشتوکاڵی بۆی هەیە:

یەکەم- پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتی بەرهەمهێنان یان هاوردەکردنی بنەتۆ و شەتل بەپێی ماددەی (16)ی ئەم یاسایە.

دووەم- پوچەڵکردنەوەی مۆڵەتی بەرهەمهێنانی بنەتۆ لەم حاڵەتانەی خوارەوە:

1- ئەگەر هاتوو بەرهەمهێنی بنەتۆ دەستبەرداری پڕۆژەکەی بێت بەبێ ڕەزامەندی بەڕێوەبەرایەتیی گشتی.

2- ئەگەر هاتوو بەرهەمهێنی بنەتۆ دەستبەرداری کێڵگەکەی بێت.

3- بەسەرچونی گرێبەستی بەکرێگرتنی زەویەکەی.

4- ئەگەر هاتوو بەرهەمهێنی بنەتۆ سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێکردنی مەرج و ڕێنماییەکانی وەزارەت.

## بەشی شەشەم

## حوکمە گشتی و کۆتاییەکان

مادەی -18-

کار بە هیچ دەقێکی یاسایی یان بڕیارێکی ناکۆك لەگەڵ حوکمەکانی ئەم یاسایەدا ناکرێت.

مادەی -19-

وەزیر دەتوانێت ڕێنمایی پێویست بۆ ئاسان جێبەجێکردنی حوکمەکانی ئەم یاسایە دەربکات.

مادەی -20-

ئەم یاسایە لە ڕێکەوتی بلاّوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) جێبەجێ دەکرێت.

### هۆیەکانی دەرچوواندن

لەپێناو ڕێکخستن و هاندانی کەرتی تایبەت بۆ بەرهەمهێنانی بنەتۆو شەتل ، هەروەها ڕێکخستنی هاوردەکردنی بنەتۆ ، و بەمەبەستی تۆمارکردن و پەسندکردن و پارێزگاریکردن لە تەرزە کشتوکاڵیە بەرهەمهاتووەکان، ئەم یاسایە دەرچووێندرا.

مشروع قانون إنتاج واستيراد البذور والشتلات وتسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية

في إقليم كوردستان – العراق

## الفصل الأول

## التعاريف والأهداف

المادة – ١ –

يقصد بالمصطلحات والعبارات الآتية لأغراض هذا القانون المعاني المبينة إزائها:

أولاً– الإقليم: إقليم كوردستان – العراق.

ثانياً– الوزارة: وزارة الزراعة والموارد المائية في الإقليم.

ثالثاً– الوزير: وزير الزراعة والموارد المائية في الإقليم.

رابعاً– المديرية العامة: المديرية العامة للبحوث والإرشاد الزراعي.

خامساً– المديرية العامة للزراعة: المديرية العامة للزراعة في المحافظات.

سادساً– القسم: قسم إنتاج واعتماد البذور التابع للمديرية العامة للبحوث والإرشاد الزراعي.

سابعاً– البذور: الجزء الذي يتكاثر به النبات مثل (بذور الحنطة، والشعير، والعدس، والبصل، والفسيلة، والبطاطا....).

ثامناً– الرتبة: درجة البذور، وتحدد حسب المواصفات الفنية والنقاوة الوراثية.

تاسعاً- بذور المربي: البذور التي تنتج بكمية قليلة جداً تحت إشراف ورقابة مباشرة لمربي النبات في مديرية البحوث أو الجامعات.

عاشراً- بذور الأساس: البذور التي تنتج من بذور المربي، وتحتوي على أعلى درجات النقاوة الوراثية مقارنة بالبذور المسجلة والمصدقة. وتنتج هذه البذور من قبل مديرية البحوث أو الشركات المختصة في المجال الزراعي.

حادي عشر- البذور المسجلة: البذور التي تنتج من بذور الأساس أو بذور مسجلة أخرى، وتتميز بدرجة نقاوة وراثية عالية. وتنتج البذور المسجلة من قبل مديرية البحوث أو فلاحين متميزين.

ثاني عشر- البذور المصدقة: البذور التي تنتج من بذور الأساس أو بذور مسجلة أو بذور مصدقة أخرى، وتتوفر فيها الصفات الوراثية المماثلة للصنف المزروع فيها. وتنتج البذور المصدقة من قبل فلاحين متميزين.

ثالث عشر- الصنف: عبارة عن مجموعة نباتية نقية متماثلة من الناحية الوراثية وتتميز بخصائص معينة عن الأصناف الأخرى لذات النوع النباتي.

رابع عشر- دليل الأصناف الزراعية: قائمة أسماء الأصناف الزراعية المصدقة التي تصدر من لجنة تسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية.

خامس عشر- ايستا: منظمة مستقلة غير ربحية، مختصة بالمجال الزراعي مهمتها تطوير مجال البذور وتصدر سنوياً لوائح وتعليمات جديدة في هذا المجال.

سادس عشر- الشركة: الشركة المؤسسة بموجب القوانين النافذة، وتحمل رخصة إنتاج البذور أو استيرادها أو كليهما.

سابع عشر- اللجنة الوطنية: اللجنة المختصة بتسجيل جميع الأصناف الزراعية المصدقة في العراق وإقليم كوردستان ومقرها في أربيل.

المادة -٢-

يهدف هذا القانون إلى تنظيم وتشجيع القطاع الخاص لإنتاج البذور والشتلات،وكذلك تنظيم استيراد البذور وفقاًلأحكام هذا القانون.

الفصل الثاني

إنتاج البذور والشتلات

المادة -٣-

يجب أن يكون إنتاج البذور والشتلات من خلال الحصول على إجازة رسمية بموجب أحكام هذا القانون.

المادة -4-

يشترط للحصول على إجازة رسمية لإنتاج البذور والشتلات ما يأتي:

أولاً- تقديم طلب إلى القسم لغرض الحصول على إجازة إنتاج البذور.

ثانياً- يتضمن الطلب ما يأتي:

أ- اسم وعنوان المنتج.

ب- موقع الحقل.

جـ- نوع وصنف ورتبة البذور.

ثالثاً- تقديم سندالملكية أو حق التصرف أو عقد إيجار الأرض.

رابعاً- على القسم رفع طلب الشركة إلى المديرية العامة لغرض منح الإجازة.

خامساً- على المديرية العامة إصدار قرارها بالموافقة أو رفض الطلب خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تأريخ تسلمها للطلب.

سادساً- في حالة رفض الطلب يجب بيان السبب، وللطالب الاعتراض على قرار الرفض لدى الوزير خلال مدة(30) ثلاثين يوماً، وعلى الوزير البت في الاعتراض خلال مدة (30) ثلاثين يوماً.

سابعاً- يكون قرار الوزير بنتيجة الاعتراض أو قرار المديرية العامة قابلاً للطعن استناداً إلى أحكام قانون مجلس الشورى لإقليم كوردستان.

ثامناً- على الطالب دفع مبلغ (50,000) خمسين ألف دينار عن منح إجازة إنتاج البذور والشتلات.

المادة -5-

أولاً- يجب أن تكون البذور التي ينوي الطالب إنتاجها مسجلة ومعتمدة لدى اللجنة الوطنية.

ثانياً- لا يسمح بإنتاج أكثر من صنف زراعي واحد لنوع واحد من المنتج في نفس الحقل.

ثالثاً- يجب أن لا يكون الحقل المستخدم لإنتاج بذور صنف معين مزروعاً بصنف آخر من نفس النوع في السنة السابقة.

المادة -6-

يجب أن تتوفر في الأرض المخصصة لإنتاج البذورالشروط والخصائص الآتية:

أولاً- أن تكون الأرض أو الحقل مناسباً من ناحية الموقع الجغرافي و المناخ و نوع التربة و مساحة الحقل حسب نوع وصنف البذور.

ثانياً- أن يكون في الأرض مصدر للماء اللازم والمستمر وخاصة المواقع التي تتميز بانخفاض نسب الأمطار فيها.

ثالثاً- أن تكون المسافات بين حقول إنتاج البذور (250) متراً للمحاصيل خلطية التلقيح و(150) متراًللمحاصيل ذاتية التلقيح.

المادة -7-

على منتج البذور اتباع الإجراءات الآتية:

أولاً- تنقية وتعفير البذور المنتجة وفي المعامل المجازة فقط.

ثانياً-تعبئة وتكييس البذور المنتجة في أكياس مناسبة حسب توجيهات القسم.

ثالثاً- أن تكون أوزان العلب والأكياس متساوية ومطبوعة عليها جميع المعلومات الخاصة بالبذور.

رابعاً-أن يكون لمنتج البذور مخازن خاصة لحماية البذور حسب احتياجات نوع البذور.

المادة -8-

تتمثل اختصاصات ومهام الدائرة فيما يأتي:

أولاً- تحديد رتبة البذور المنتجة من قبل منتج البذور ولصق البطاقة الخاصة بها.

ثانياً-إجراء التفتيش الحقلي لحقول إنتاج البذور، والفحص المختبري للبذور المنتجة.

ثالثاً- رفض البذور وعدم تصديقها في حالة عدم توفر الشروط فيها.

رابعاً- على المفتش الحقلي مراعاة مدى تطابق الأنواع والأصناف المزروعة والمنتجة.

## الفصل الثالث

## إجازة الاستيراد

المادة -9-

أولاً- على شركات القطاع الخاص الحصول على إجازة استيراد البذور والشتلات بموجب أحكام هذا القانون.

ثانياً- يقدم الطلب إلى القسم لغرض استيراد البذور أو الشتلات، ويرفق معه المتطلبات الآتية:

أ- اسم و عنوان الشركة.

ب- كلب شركة تقدم طلباً يجب عليها تقديم خطاب ضمان صادر من أحد البنوك لصالح الوزارة بقيمة (20,000,000) عشرينمليوندينار.

جـ- على الشركة المسجلة في الإقليم وتنوي الاستيراد يجب أن تحمل إجازة الاستيراد من وزارة التجارة والصناعة في اقليم كوردستان-عيراق.

د- الشركات المسجلة في محافظات العراق الأخرى أو فروع الشركات الأجنبية في الإقليم يجب أن تكون مسجلة في الإقليم.

هـ- براءة ذمة من ضريبة دخل الشركات.

ثالثاً- بعد التحقق من معاملة الشركة يجب رفع الطلب إلى المديرية العامة.

رابعاً- على المديرية العامة إصدار قرارها بالموافقة أو رفض الطلب خلال مدة (30) ثلاثين يوماً من تأريخ تسلمها الطلب.

خامساً- في حالة رفض الطلب يجب بيان سببه، وللطالب الاعتراض في قرار الرفض لدى الوزير خلال مدة (30) ثلاثين يوماً، وعلى الوزير البت في الاعتراض خلال مدة (30) ثلاثين يوماً.

سادساً- يكون قرار الوزير بنتيجة الاعتراض أو قرار المديرية العامة قابلاً للطعن استناداً إلى أحكام قانون مجلس الشورى لإقليم كوردستان.

سابعاً- على الطالب دفع مبلغ (50,000) خمسين ألف دينار كمقابل لإجازة استيراد البذور والشتلات.

المادة -10-

على الشركة للحصول على موافقة الاستيراد:

أولاً- تقديم العقد المبرم بينه وبين الشركة أو المؤسسة الأصلية المنتجة للبذور والشتلات.

ثانياً- تقديم بيانات تفصيلية علمية وفنية مصدقة من الشركة أو المؤسسة المنتجة.

المادة -11-

يجب أن ترفق مع البذور والشتلات المستوردة الشهادات الآتية:

أولاً- شهادة المنشأ.

ثانياً- شهادة سلامة وصحة البذور.

ثالثاً- شهادة الفحص المعتمد لبلد المنشأ (شريطة أن لا يتجاوز تأريخ الفحص (3) ثلاثة أشهر لبذور المحاصيل الحقلية، و(6) ستة أشهر لبذور الغابات والمراعي) من تأريخ دخوله للمنفذ الحدودي المعني.

رابعاً- فيما يتعلق بشهادة السلامة والفحص يجب أن تكون وفقاً لمواصفات (ايستا) أي أن تكون صادرة عن مختبرات (ايستا) أو صادرة من مختبر معتمد من قبل (ايستا).

خامساً- يجب تصديق جميع الوثائق من قبل السفارات العراقية أو مكاتب حكومة إقليم كوردستان في دولة التصدير أو وزارة الزراعة في دولة التصدير.

المادة -12-

أولاً-للوزارة حق تحديد المنفذ الحدودي لغرض الاستيراد.

ثانياً- لا يجوز نقل البذور إقليم كوردستان وباقي محافظات العراق إلا بعد الحصول على موافقة وزارة الزراعة للجهة التي تنقل إليها.

ثالثاً- يتولى القسم فحص البذور والشتلات المستوردة عند وصولها.

رابعاً- يبدأ استيراد بذور الحنطة والشعير بعد أسبوع واحد من انتهاء تسويق الحنطة في السايلوهات ويسمح باستيرادها لغاية نهاية شهر كانون الأول.

المادة -13-

لا يسمح بإدخال أي نوع من البذور والشتلات المحظورة في العراق بموجب أحكام هذا القانون.

المادة -14-

للجامعات ومراكز الأبحاث الزراعية استيراد البذور المصدقة لأغراض بحثية فقط بعد إبلاغ المديرية العامة.

الفصل الرابع

تسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية

المادة -15-

تشكل لجنة تسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية المنتجة لغرض تسجيل و اعتماد وحماية الأصناف الزراعية برئاسة وزير الزراعة وعضوية عدد من الخبراء في المجالات المختلفة على أن لا يزيد عددهم على (10) عشرة اعضاء.

الفصل الخامس

العقوبات

المادة -16-

أولاً- يعاقب بغرامة لا تقل عن (5.000.000) خمسة ملايين دينار ولا تزيد على (10,000.000) عشرة ملايين دينار، أو بالحبس مدة لاتقل عن (3) ثلاثة أشهر ولا تزيد على (1) سنة أو بكلتا العقوبتين، كل شخص أو شركة ارتكب إحدى المخالفات الآتية:

أ- إنتاج واستيراد البذور والشتلات بدون الحصول على الإجازة.

ب- إذا لم تتطابق البذور المستوردة مع شروط الاستيراد.

جـ- تقديم عينات ومعلومات غير صحيحة وغير مطابقة مع البذور المستوردة.

د- إعاقة مفتش البذور أو المؤسسات الحكومية الخاصة بتفتيش البذور.

هـ- استخدام كلمة مصدقة أو أي كلمة مرادفة في وصف بذور غير مصدقة.

و- إنتاج وبيع البذور دون فحصها مختبرياً.

ثانياً- يتحمل منتج أو مستورد البذور نفقات معالجة أو إتلاف البذور المستوردة أو المنتجة بصورة مخالفة لاحكام هذا القانون.

المادة -17-

على مدير عام البحوث والإرشاد الزراعي:

أولاً- إلغاء إجازة إنتاج أو استيراد البذور والشتلات بموجب المادة (16) من هذا القانون.

ثانياً- إلغاء إجازة إنتاج البذور في الحالات الآتية:

1- إذا تنازل منتج البذور عن مشروعه دون موافقة المديرية العامة.

2- إذا تنازل منتج البذور عن حقله.

3- انتهاء عقد إيجار الأرض.

4- إخفاق منتج البذور في تنفيذ شروط وتعليمات الوزارة.

## الفصل السادس

## الأحكام العامة والختامية

المادة -18-

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

المادة -19-

للوزير إصدار التعليمات اللازمة لتسهيل تنفيذ أحكام هذا القانون.

المادة -20-

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

الأسباب الموجبة

بغية تنظيم وتشجيع القطاع الخاص لإنتاج البذور والشتلات، وكذلك تنظيم استيراد البذور، ولغرض تسجيل واعتماد وحماية الأصناف الزراعية المنتجة، شرع هذا القانون.